# پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی کورد

## (شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی)

**د. نەسرەدین ئیبراهیم گولی**
زانکویا زاخو / فاکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی
پشکا پەروەردە و دەروونناسی

پێشمەرگە، ئەو زاراوە پرمانا و پیرۆزە، بەسیەتی کە بارزانی نەمر هەموو تەمەنی لە ژێر ئەم ناو نیشانە پیرۆزەدا و لە پێناو رزگاری گەلی کورد و کوردستان بەخت کرد و سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، ئەندازیاری یەکخستن و یەکگرتنی نەتەوەی کورد، یش لە میانەی ووتە بەنرخەکانیدا هەمیشە فەخر و شانازی بەوە دەکات کە پێشمەرگەی کوردستانە(٢٤).
پێشمەرگەی کوردستان، بریتیە لە تاکێکی کورد کە خۆ بەخشانە ئەرکی پاراستن و بەرگریکردنی نەتەوەی کوردی لە ستۆ گرتووە. ئەم تاکە کوردە نموونەی بەرز و سیمبۆلی بەرخودان ، خۆراگری ، خۆبەخت کردن، کەرامەت ، شەرەف ، و جوامێری و مێرخاسی و هەر ووشەیەکی جوانی ئەدەبیات و مێژووی مرۆڤایەتیە. خەباتی نەپساوە و بێووچانی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوو و تاوەکو ئەمرۆ هێمای پاکی و راستەقینەیی زاتی ئەمەک ناسی ئەم تاکەیە و نیشانەی هێزی پۆلاینی گەلی کورد و بروا ومتمانە بە بوونی خۆی و مێژوویەکەی و مافە رەواکانی. ئەو مافە سەرەتاییی و ساکارانەی کە بە ناحەق لە لایەن دوژمنانیەوە زەوت کراوە و گەلە پڕ سەروەرەکەمانی لێی بێ بەش کردووە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، ئەمڕۆ و لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەرکی پێشمەرگەی کوردستان قورستر و قورستر بووە. هەنگاو نان و بزاڤی نەتەوەکەمان لە پێناو یەکگرتن و یەکخستنی ماڵی خۆی لە داهاتوودا هاندەر و فاکتەرێکە کە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێشمەرگەی کوردستان بە هەناسەیەکی نوێتر، و تێروانینێکی ووردترو ورياتر ، و بوێرانەتر لە جاران بەرەو داهاتوو و ئاسۆیەکەکی گەشتر هەنگاو بنێتن.

پێداچوونێک بە مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیەت، دوێنێ و ئەمرۆ ،

ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەخاتن کە پاراستنی ئاسایش و بەردەوامی ژیانی هەر گەل و نەتەوەیەک پەیوەستەیەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەل هێزی سەربازی ئەم نەتەوەیە. لەوانەیە، لێرەدا، هەندێ کەس ڕەخنەمان لێ بگرن کە ئەمڕۆکە، سەدەی بیست و یەک، سەدەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و گفتگۆی نەتەوەکانە، و چیتر هێزیسەربازی و جەنگی بە هەموو جۆرەکانیەوە باویان نەماوە. بەلاّم واقعی دنیا و ژیانی سەردەم پێچەوانەی ئەم هزر وبیرە دەسەلمێنێ و بەلگەش بۆ ئەم قسەیە هەول و کوشش و بزاڤی ولاّتە جیاجیاکانی دونیا و سەرقافیلەی هەمووان ولاّتە زلهێزەکانی وەک ئەمەریکا، ڕوسیا، و چین و ولاّتانی تری دور و نزیک وەک ئیران ، هندستان، پاکستان، کوریای باکوور،...هتدە کە بۆ سەپاندنی هەیمەنەتی خۆیان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە بە گەشەسەندنی هێزی لەشگەری خۆیان دەدەن، سەرباری ئەوەی کە هەندێکیان لەم



ڕووەوە زۆر پێشکەوتوون. و ئەم بەلگەیە بۆ ئەوەیە بزانین و لە یادمان بیتن کە بایەخدان بەم لایەنە لە هیچ کات و سەردەمێک دا نەوەستاوە، بگرە بەردەام لە پەرەسەندندا بووە، چونکە وەک زۆربەی ئایینەکان و بە تایبەت ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەروەها زانایانی سایکۆلۆژی و کومەلناسی، ئابووری ئاماژەی پێ دەدەن پاراستنی ئاسایشی مرۆڤ یەکێکە لە پێداویستیە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو کات و سەردەمێکدا.

گرنگی پێداویستیەکانی مرۆڤ وەک بەشێک لە سروشت و واقعی ژیان بابەتێکی حاشاهەلنەگرە، و ئەوەش خۆی لە کاریگەری ئەم فاکتەرە لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ و ژیانی تاکی و کۆمەلایەتی، ئابووری، ڕامیاری،....هتد و لایەنە جیاجیاکانی ژیانیدا دەنوێنیتن، بە جۆرێک کە ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤ ، و خۆ گونجاندن و شێوازی هەلسوکەوت وژیانی ڕۆژانەی لە شوێن و هەلوێستی جیاجیا بۆ ڕۆلی کاریگەرانەی ئەم فاکتەرە بە هێزە دەگەڕێتەوە، و تەنانەت هەندێ لایەن لەو بڕوایە دان زۆر لە کێشە و گیر گرفتەکان لە ژیانی سەردەمی ئەمڕۆکەدا بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێنەوە (٩:ل.١٦ ;٧:ل. ١٦;٥٩٠:ل.٣٤٨). سەرچاوەکانی جیا جیا ئاماژە بە گرنگی پێداویستیەکان و چۆنیەتی و چەندایەتی دابینکردن

و تێرکردنی دەدەن، تەنانەت درێغی کردن لەم کارە کاریگەری نەرێنی دەبیتن لە سەر پێگەیاندن و گەشەکردنی کەسایەتی مرۆڤ و هەروەها کۆمەڵگا بە شێوازی جۆراوجۆر، چونکە مرۆڤ وەک لایەنگران و دامەزرێنەرەکانی تیۆری دەرفەت، بۆی دەچن، پێکهاتەیەکە لە کاریگەریەکانی جیاجیا و لە وانەش ئەو دەلیڤە و دەرفەتەی کە تیاید دەژیتن، بە دور نیە و بەردەوام دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم فاکتەرە(١٥:ل. ١٣٤-١٣٩).

ژمارەی پێداویستیەکانی مرۆڤ بێ سنوورە، پێداویستیەکانی وەک پێداویستیەکانی جەستەیی لە خورادن و خواردنەوە و سێکس، یان خۆشەویستی، ئاسایش، هاوکاری کردنی خەڵکی تر، خۆپاراستن لە ژان و ئازار، خۆ دور خستن لە بێ رێزی، رێکخستن، تێگەیشتن، یاری کردن، بەرگری، خۆ پیشاندان، راکێشانی ریز و ستایشی خەلکی تر بۆ لای خۆی، بینش و روانگە، .... (١٨:ل.٣-١١٣-١٢٣)، بەشێکن لەم ژمارە بێ سنوورەی پێداویستیەکانی مرۆڤ.



خۆای گەورە ومیهرەبان لە شوێنە جیاجیاکانی قورئانی پیرۆز ئاماژە بە پێداویستیەکانی مرۆڤ و گرنگی وکاریگەریان لە ژیانیدا دەداتن. ئەوەتا لە سوورەی حجرات/ ١٠ باس لە روحیەتی برایەتی لە نێوان موسلمانەکان دەکاتن، لە ئال عمران/ ١٠٤ لە بارەی خێر و خۆشی و خۆ دوور خستن لە خراپە و شتە خراپەکان، و لە المائدە/ ٢ لە سەر چاکە و باشی و هاوکاری و بەشداری نەکردن لە کاری خراپە و دوژمنکارانە، و لە الانسان/ ٥ و الاعراف/ ٢١ لە سەر تێرکردنی پێداویستیەکانی سەرەتایی وەک خواردن و خواردنەوە، لە النساء/٣-٢٢، البقرە/٢٢و٢٢١ ، الاحزاب/ ٤٥ و الروم/ ٢١ لە بارەی تێر کردنی پێداویستیەکانی سێکسی، لە قریش/ ٤، الانفال/ ٤٦ و ٦١، الجمعە/ ١٠ ، تاها/ ١٣٢ و الکهف/ ٢٦ و البقرە/ ١٦٤ و ١٧١، و الانعام/ ١٥١ بە شێوازی جوراوجور و جیاجیا و بەردەوام ئاماژەی بە تێرکردن پێداویستیەکانی مرۆڤ دەداتن بە رێگای یاسایی و لە چوارچێوەی شەرع و داب و نەریتە مرۆییەکان، و لە ناو بازنە و لە سنوری چاکە و راستی دا(١).

وەک روون و ئاشکرایە مرۆڤ وەک چۆن پێویستی بە تێر کردنی پێداویستیەکانی

جەستەیی وەک خواردن و خواردنەوە، و پاراستنی خۆی لە نەخۆشیەکانی جەستەیی و فیزیکی ...هتد هەیە ، هەر بە هەمان شێوەش پێویستی بە تێرکردن و دابین کردنی پێداویستیەکانی خۆی بۆ هەبوونی ئاسایش و ئارامی ژیان لە ژینگەی دەوروبەر، بگرە لە ئاژەڵە مەترسیدار و ڕووداوەکانی سروشتی وەک بیڤەلەرزە، هەورە تریشقە و ئاگر و خەڵکانی تر و دوژمنەکانیەتی.

زانای بەناوبانگ ئابراهام ماسلو٭ لە تیۆرییە بەناووبانگەکەی خۆیدا لە سەر پێداویستیەکانی مرۆڤ وەها بۆی دەچێت کە مرۆڤ لە ڕووی تێرکردنی پێداویستیەکانیەوە شێوازەکی ریزبەندیکراوی هەیە لە شێوەی هەرەم کە تیایدا و لە خانەی لە هەمووان لە خوارووتر پێداویستییە هەرە سەرەکیەکانی فیزیکی-جەستەیی لە خۆی دەگرێت و دواتر پێداویستیەکانی سایکۆلۆژی-کۆمەڵایەتی وەک خۆشەویستی و ئاسایش و ئارامی و ڕێز و ستایشی کۆمەڵایەتی و وەدەست هینان و تەواوکردنی خود، دێت کە دەکەوێتە لوتکەی ئەم هەرەمە. ماسلو بروای وایە، و ئەمەش شتێکی لۆژیکی و ڕاستە، کە هیچ مرۆڤێک بەرەو ئەم لوتکەیە هەنگاو نانێت ئەگەر بێت و پێداویستیەکان خوارووتری تێر و دابین نەکاتن. واتە دابین کردنی ئەم پێداویستیانە بە پێی گرنگی لە خوارەوە دەست پێ دەکاتن بۆ سەرەوە، و مرۆڤێک بۆ قۆناغ یان خانەی سەرووتری ناچێ ئەگەر بێت و پێداویستیەکانی خانەکانی پێشتر دابین نەکاتن و تێریان نەکاتن. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤێک برسی بیت ، بێگومان ئەم مرۆڤە بیر لە ئاسایش و دابینکردنی پێداویستیەکانی تری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی پەیوەندار بە خۆی ناکاتن، چونکە ئەم مرۆڤە لەم سات و کاتەدا پێداویستیەکی گرنگتری دابین نەکراوی هەیە، کە ئەویش خواردنە. ئەم مرۆڤە تاوەکو خۆی تێر نەکاتن، بیر لە شتێکی تر ناکاتن، بەڵام هەرکاتێک دەرفەتی بۆ ڕەخسا و خواردنێکی دەست کەوت، ئینجا دەگاتە ئاستێک کە بیر لە دابین کردنی پێداویستیەکانی تری وەک ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و شتی بەرزتر وەک داهینان و ..... بکاتن (٤:ل.١٤٦ـ١٥٨ ; ١١:ل.١١٥ـ١١٨ ; ١٣:ل.٢٢٦ـ٢٢٧ ; ٣٣:ل.٢٩٣ـ٢٩٤ ;٣٥ :ل.٥٩ ; ٣٦:ل.٣٦٦ ; ٣٧:ل.٤٦١ ; ٤٣:ل.١٦٥ـ١٦٦ ; ٢١:ل.٢٧٦ ; ٣٠:ل.١٠٥ـ١٠٧ ; ٣٢:ل.٤١٦ـ٤١٨ ; ٤٤ ، ٤٥). ناتەواوی و ناڕێکی شێوازی تێرکردنی ئەم پێداویستیانە کارێکی نەرینی دەکاتە سەر سایکۆلۆژیای مرۆڤ و تووشی چەندەها کێشە و گیر و گرفتی دەکاتن.

بیردۆزێکی لەم بابەتە لە زمانی کوردیدا خۆی لە هەندێ قسە و پەندی وەک : زگی برسی لە کەس ( یان هیچ ) ناپرسی!! یان زکێ برسی خەو لێ ناکەڤت!!! دا دەبینیتن، کە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخاتن کە لە ژیاندا هەندێ پێداویستی سەرەکین و هەندێکی تر سەرەکی ترن و پێویستیان بەوە هەیە کە لە پێش

پێداویستیەکانی تر تێر بکرێن، بە پێچەوانەوە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە ڕێگە لە دابینکرنی پێداویستیەکانی تریش بگیرێتن.

و ئەم واقعە تاڵە لە سەر تاکی کورد و نەتەوەی کوردیش جێبەجێ دەبیتن و دەچەسپێت. نەتەوەی کورد بە درێژایی هزاران ساڵی رابردوو بە گشتی و ئەم چەند دەە ساڵەی دوایی لە گشت پارچەکانی کوردستان کەوتوتە بەر زەبری کۆشندەی زۆرداران و دووژمنەکانیەوە، تا وای لێهاتووە پێداویستی دابین کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی ژیان وەک خواردن و خۆاردنەوە و دواتر پاراستنی بژێوی خۆی و دابین کردنی ئاسایش و ئارامی سایکۆلۆژی‌کۆمەڵایەتیەکەی بووەتە بابەتی هەرە سەرەکی ژیانی، سەرقاڵ کردنی هەموو هزر و بیری و هەوڵ و کۆششەکانی، تاوای لێهاتووە ئەم گەلە ستەملێکراوە هیچ دەرفەتێکی نەبێ بۆ ئەوەی بیر لە گەشەسەندن و پێشڤەبردنی خوودی خۆی بکات و هەنگاو بۆ تێرکردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی تری خۆی باوێتن، و بتوانێتن داهینان لە ژیانیدا بکاتن و بگاتە ئەو قوناغەی کە نەتەوەکانی تر پێی گەیشتوون. رەش بکوژی، جینۆسایدکردن و ئەنفال کردنی رۆڵەکانی گەلەکەمان، خاپوورکردنی زیاتر لە چەندین هزار گوند، لەناوبردنی ئاسەوارەکانی شارستانیەت وکلتووری، تێکدان وتێک بەردانی رۆڵەکانی گەلی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە گژ یەکتردا، و جۆرەها شێوازی جەنگی لەشگەری و سایکۆلۆژی لە دژی نەتەوەی کورد لە رابردوو و هەتاوەکوو ئێستا و دوایینی هەموویان رووداوی کوشتنی رۆڵەکانی کوردی کوردستانی باکوور لە لایەن فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا و کێشە رامیاری و ئابووریەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ، و چەندەها کێشەیتری هاوشێوە لە هەر دوو کوردستانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەموویان رووپەکی تری ئەم جۆرە باروودۆخە ناڵەبارەن کە هەڵی ئارامی و ئاسایشی نەتەوەییان لە گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان سەندووە و ڕێگەی لە بەردەم گەشەی تاکی کورد و نەتەوەی کورد بەستوویەتی.

ئاسایش و ئارامی دەروونی بریتیە لە تێر کردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ و پاراستنیان لەوەی کە بکەوێتە بەر کاریگەری فاکتەرە مەترسیدارەکانی جۆراوجۆر و پەیوەندیەکی راستەو خۆی هەیە لە گەڵ ئاسایشی گشتی و نەتەوەیی وڵات و نەتەوەیەک(٦:ل.١٤٥).

بەڵێ، ئەم راستیە مێژوویی یە کە هاندەری ئێمەن بۆ ئەوەی بیر لە پێکهینانی لەشگەری چاکتر و پێشکەوتووتر بکەین و هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی دەرس و پەند لە مێژووی تاڵی رابردوومان وەربگرین و کار بکەین بۆ ئەوەی پاش یەکخستنی ماڵی کورد لە لایەن سەرکردایەتی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی

کوردستان، بیر لە دامەزراندنی سەر لە نویێ هێزێک بکەین بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆمان و دابین کردنی ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی بۆ تاکی کورد. پێشمەرگەی کوردستان بەدرێژایی دەها ساڵ خەبات و قوربانیدان لە پێناو بەدیهێنانی ئەم دەستکەوتانە دریغی نەکردووە، و نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ هەروەک بارزانی نەمر ئاماژەی پێداوە(( ئێمە تەعەدا لە کەس ناکەین و لە کەسیش قبول ناکەین تەعەدامان لێ بکاتن)). و لەم سۆنگەیەوە پێشمەرگەی کوردستان بە لە بەرچاوگرتنی هەموو بەها مرۆڤی و ئەخلاقیەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی نەپساوەی خۆی تەنیا و تەنیا یەک ئەرک و کاری گرنگی بە ئەنجام گەیاندووە و ئەویش بەرگریکردن بووە لە خۆی و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و مافە رەواکانی خۆی.

و لە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو راستیە بدرێتن کە ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم هێزە لەشگەری یەش لە ئێستا و داهاتویشدا تەنیا و تەنیا ئەم ئەرکە پیرۆزەیە کە گەلی کورد بتوانی لە سایەیدا بەرگری لە خۆی و دەستکەوت و بەرژەوەندیەکانی بکاتن لە دژی دوژمنان و ناحەزانی، نەک بۆ مەبەستی هەرەشە و گۆرەشەکردن لە نەتەوە و گەلانی تر، و مێژووی پاکی پێشمەرگەی کوردستان شایەتی ئەم قسەیەیە، چونکە ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک کە زۆرینەمان پەیرەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامین، فەرموودەکانی خوای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا و فەرمایشتە بەنرخەکانی پێغەمبەری ئاخیر زەمان(درووود و سلاوی خوای لە سەر بێ) مەشخەڵی رێگا و ژیانی ئێمەن، و کاتێک کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە دەداتن کە مرۆڤەکانی بە شێوەی زمان و رەنگ و دەنگ و گەل و نەتەوە و نیشتمانی جیاجیا دروستکردووە(الحجرات/١٣) و مافی ژیان و سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو شتانەی لەم دونیایەدا هەن بە مافێکی رەوای هەر یەکێک لەم تاک و گەل و نەتەوانە دەداتن، و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئێمە و نیشانەیە بۆ ئەوەی ئێمەی کوردیش رێز لەم نەتەوانە بگرین ، و دان بەو مافانەیان بنێین کە خوای گەورە پێی داون، و نەبینە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم مومارەسەکردنی داب و نەریتەکانیان لەو شوێنانەی کە لێی نیشتەجێن.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، لە سۆنگەی ئەوەی کە هیچ نەتەوەیەک وەک کورد تام چێژی زولم و زۆرداری نەتەوە و گەلانی تری نەچێشتووە، بۆیەش بەهای ئازادی و ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی لە لای تاکی کوردی شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە دەبێتە رێگر بۆ ئەوەی کورد هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردن و ئەنفالکردن و جینۆسایدکردن و بەکۆمەڵکوژی و جۆرەها جەنگی فیزیکی وسایکۆلۆژی لە دژی نەتەوەکانی تر بەکار بێنی، بەڵکۆ ئەم هێزە تەنها ئامرازێکە کە نەتەوەکەمان دەیەوێتن بە هۆیەوە

و لە سایەیدا بحەسێتەوە و چێژ لە ئازادی و ئاسایش و ئارامی سایکۆلۆژی۔ کۆمەڵایەتی وەربگرێ، و بگرە ئەم هێزە مرۆڤیی یە و شان بە شانی گەلانیتر بۆ مەرەمی بەختەوەری مرۆڤایەتی لە سەر رووی گۆی زەوی و ببێتە هاوکارێک و لایەنێک ئەرێنی ، و بۆ دروستکردن و بنیاتنانی کومەڵگایەکی نێونەتەوەیی سەرکەوتوو و پێشکەوتوو لە سەر بنەماکانی ئەخلاقی، و مرۆڤی و هەنگاوی کارامە بنێتن لەم پێناوەدا، و نەتەوەیەک بێ کەپشت ئەستوورە بە مێژوویەکی تاڵ و پڕ دەستکەوت و بە ئەزموون و بەشدار بێ لە دابینکردنی ئاسایشی جیهانی و نەهێشتنی رەگ و ریشەی تیرۆر لە سەر ئاستی جیهانی.
و قۆناغی یەکەمی ئەم کارەش لە رێگەی دان و ستاندن و گفتگۆیە لە گەل ئەو لایەن و نەتەوانەی کە بە درێژایی مێژوو لە دژی نەتەوەی کورد وەستاون و بە هەموو شێوازەکانی نامرۆڤایانە و درندانە دژایەتی دەکەن. بۆ نموونە بە هاوکاری و هەماهەنگی و لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی پەیوەندارییان بەم لایەنەوە راپرسیەکی بە کۆمەڵ لە نێو ئەم نەتەوانە ئەنجام بدرێتن کە تیایدا روون ببێتن بۆ چی بە درێژایی مێژوو نەتەوەکانی ناوبراو، کە خۆیان بە پەیرەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەزانن لە سەر و لە بەر بچووکترین و سادەترین و سەرەتایی ترین مافە رەوا و سروشتیەکانی خۆی و لە ژێر و بە ناو نیشان و مەهانەی جۆراوجۆر زوڵم و زۆر ی لە گەلی کورد دەکەن.
داواکردنی ئەم مافە سەرەتاییانە تاوان نیە، ئێمە، وەک گەلێک، دەمانەوێ بزانین کە هەڵەمان چیە کە دەبێ بە هۆیەوە لە لایەن ئەم نەتەوانە ئەم جۆرە زوڵم و زۆرداریەمان لەگەڵدا بکرێت. و ئاماژە دان بە هەموو ئەو تاوان و زوڵم و زۆرداریە لە لایە ئەم نەتەوانە لە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دراوە لە حەوسلەی ئەم چەند لاپەرەیە بەدەرە و بگرە سەدان پەرتووک بۆ ئەم مەبەستە هەر کەمیشە! ، و دوایینی ئەم زوڵم و زۆرداریە هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە حکومەتی ناوەندی بە برو بیانۆی جۆراوجۆر دەخاتە بەردەم کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە خۆی بەردەوامی دژایەتیکردنی رژێمەکانی پێشووترە کە بە درێژایی مێژوو، کە مێژوویێکی خوێناویە و بە تایبەت لە سەردەمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕە بۆ لەناو بردنی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردە بەردەوام هەوڵی چەواشەکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردیان داوە. و هەروەک روون و ئاشکرایە بەرهەمی ئەم بیر و بۆچونە شۆڤینیانە لە کوردستانی ئێمە لە ناو چوونی سەدان هزار مرۆڤی بێ تاوان بو بە جینۆساید کردن و ئەنفال و کیمیاباران، و تێکدانی زیاتر لە چوار تا پێنج هزار گوند و شار و شاروچکە، و لە سێدارەدان و بێ سەراو شوێن کردنی هزاران لاوی کورد و سەدان جۆری تری شێوازی تری لە ناو بردنی مرۆڤ (٢٦:ل. ٥٥-٦٨ ; ٢٥:ل. ٢٥ ; ٢:ل. ١٧٥ ; ٢٠:ل. ١٣٩) ، کە وەک

خالێکی ڕەشن بە نێو چاوانی ئەم ڕژێمانە و سەرکردە شۆڤینیەکانیان.
ئەنجامی ئەم ڕاپرسیە دەبێ ببێتە بەلگەیەکی فەرمی بۆ دەستپێکردنی قۆناغەکی تر و نوێ لەنیوان ئەم نەتەوانە و نەتەوەی کورد و دان نان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و گۆرینی بنەرەتی لە ژیان و کەسایەتی و پێکهاتەی تاکەکانی ئەم نەتەوانە و کار پێکردنیان و خستنەناو دەستووری ئەم ولاتانە و تەنانەت لە نێو پرۆگرامەکانی پەروەدە و فێرکردن و دەزگاکامی ڕاگەیاندن بخرێتە بواری جێبەجێکردن بۆ ئەوەی ئەو جۆرە هزر و بیرە دوژمنکاریانە جێگەی خۆی بداتە دان نان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و پابەندبوون بە هەموو بەها و ئاراستە مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و ئاییینیەکان و ببنە ستوونی ڕەورەوەی ژیانی ئاسایی نێوان تاکەکانی ئەم نەتەوانە و نەتەوەی زولم لێکراو و ستەمدیدەی کورد و دروستبوونی هەستی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی وەک خالێکی وەرچەرخان لە دروستبوونی سەر لە نوێی کەسایەتی تاکی کورد و لە سەر بنەمای پێکهاتەی سایکۆلۆژی نوێ کە بەرهەمی کارێکە، کە ئەویش دان نانە بە مافە ڕەواکانی گەل و نەتەوەکەمانە، وەک هەر گەل و نەتەوەیەکی تر لەم دونیایەدا، لە لایەن ئەم گەل و نەتەوانە.



چونکە ئەگەر وەک سامۆێل هانتیگتون ** و کەسانی تر ئاماژەی پێ دەدەن و دەلێن هۆکارەکانی جیاجیا و لە وانەش جیاوازی کلتوری و بەهایی هۆکارێکی ململانێ و جەنگ و کێشەی نێوان نەتەوەکانە(٣٤:ل.٢٥٨ ; ٣١)، و وەک چالز دارڤین*** بۆی دەچیتن مانەوە و ژیان لە سەر رووی زەوی و لە ململانێیەکانی ژیاندا بۆ باشترینەکانە(٢٩ :ل.٣٦٢)، ئێمەی کوردیش وەک نەتەوەیەک خۆمان لە هیچ کەس و نەتەوەیەک بە کەمتر و خواروتر نازانین، و هەر ئەوەیە وەک یەکێک لە هۆکارەکان پالمان پێوە دەنێتن بۆ ئەوەی بیر لە خۆمان و مانەوەمان بکەین.
قۆناغی تری ئەم کارە بە دانان نان بە بوون و مافەڕەواکانی نەتەوەکەمانە لە لایەن ولاتە زلهێزەکان، کە بە درێژایی مێژوو و لە بەر هۆکارەکانی جۆراوجۆر و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان یان هەر هۆکارێکی تر چاوپۆشیان لێ کردووە،

تەنانەت زۆر جاریش بونەتە لایەنێک بۆ لە ناو بردن یان تێکدانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد و نموونەش بۆ ئەم قسەیە کارەساتی نسکۆی ١٩٧٥ بوو کە بە هەماهەنگی چەند ولاتێکی ناوچەیی و ئەمەریکا و دوای چەندەها برۆ و بیانۆی جیاجیا لە لایەن حکومەتی ناوەندی و لە دژی شۆرەشی ئەیلول ئەنجامدرا و بەرهەمەکەشی لە ناوچوونی هەموو ئەو دەستکەوتانە بو کە لە سایەی ئەم شۆرەشە و پەیمانی ١١ ئادار بە دەست نەتەوەکەمان هاتبو، و ئاوارە بوونی زیاتر لە نیو مەلیون خەلکی کوردستان بو بۆ ولاتانی دراوسێ، و رێگە خۆشکەر بو بۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە بە درێژایی نزیکەی ٣٠ سال دەستەلاتداریەتی رژێمی روخاوی بەعس لە دژی نەتەوەکەمان ئەنجامدران، و هەروەها روخانی کۆماری ساوای موهاباد لە ئەنجامی پشت تێکردنی ولاتی شۆرەوی جاران و کەمبایەخی ئەمەریکا و ئینگلیس بو بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەو کات و ساتەدا(٢٧; ٢٨ ; ٢٢ :ل. ٣٨١-٣٨٤). ئەمانە هەمووی نموونەن ئاماژە بە پشت گوێ خستنی دان نانە بە مافە رەواکانی نەتەوەکەمان لە لایەن ئەم ولاتە زلهێزانەوە.

بێگومان ئەم قۆناغە دەبێتە هەوێنەک و هەنگاوێک بۆ ئەوەی ولاتە ئیقلیمیەکانیش چاو بە سیاسەتەکانیاندا بخشێنن و چیتر نەبنە پشتەوان و پالپشت بۆ رژێمە شۆڤینی و فاشیستیەکانی کە دژی نەتەوەی کوردن. شایەنی ئاماژە پێکردنە کە لەم چەندا سالەی دواییدا هەندێک لەم ولاتانە لە ژێر گوشاری نێو نەتەوەیی و پاش روون و ئاشکرا بوونی رەوایەتی مافەکانی گەلەکەمان و راستەقینە بوونی بزاڤی رزگاریخۆزی کوردی چاوپێدا خشاندیان بە سیاسەتە چەوتەکانیاندا کردووە و گۆرانکاریان خستوتە نێو هەلوێستەکانیان لە بەرامبەر نەتەوەی کورد و هەولی ئاسایی و باشتر کردنی پەیوەندیەکانیان دەدەن لەگەل هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و نەتەوەی کوردی بە گشتی.

لەگەل هەموو ئەوەشدا، بیرکردنەوە لە دامەزراندنی دەزگایەکی لەشگەری و هێزێکی سەربازی بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەرکێکی نیشتمانی و فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەرەنتی کردنی ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی، بە پشت بەستن بە هێزی لەشگەری، وئابووری ، رامیاری و دبلوماسی، و هەرەوها ئاسایشی سایکۆلۆژی، کە هەردوکیان تەواوکەری یەکتر و پێویستن بۆ مانەوە و داهاتوی گەلەکەمان، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی مەرجی مانەوەی هەر گەل و ولات و نیشتمانێکە. و مەرجێکی گرنگ لە دامەزراندنی ئەم دەزگایە ئەوەیە کە دەبێ لە سەر بنەمای زانستی و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە دابمەزرێن، تەنانەت لە وەرگرتنی پێشمەرگە وەک چۆن لە ولاتانی تری پێشکەوتوو لە بواری سەربازی و

لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا ، دەبێ سوود لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی بۆ توێژینەوەی پێکهاتەکانی کەسایەتی پێشمەرگە وەک مەیل و ئارەزوو و بەها و ئاراستە جۆراوجۆرەکانی و لایەنەکانی ئایینی و رەوشتی و هونەری ،و .... وەربگیرێن، بۆ نموونە بەکارهێنانی ئەزموونەکانی ئالفا و بێتای بە ناووبانگ لە لایەن دەزگاکانی سەربازی ئەمریکا لە پێناو هەڵسەنگاندنی توانایە عەقل و جەستەییەکانی سەربازان و دابەش کردنیان لە سەر پلە و پایە و بەشە جیاجیاکانی سەربازی و بۆ ئەوەی باشترین سوودیان لێوەربگیرێن و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێن، و هەروەها بۆ بە دەست هێنانی باشتری ئامانجەکان دەبێ خاڵێکی گرنگی تریش لە بەر چاو بگیرێن و ئەویش بایەخدانە بە باری ئابووری و گوزەران و بژێوی خانەوادەی پێشمەرگەکانە لە هەموو رویەکەوە(١٤).

و بۆ پێشمەرگەی کوردستانیش دەبێ بەم شێوەیە سوود لەم جۆرە ئەزموونانە وەربگیرێن بۆ مەبەستی بەرز کردنی ئاستی کارامەیی پێشمەرگە و گووش کردنیان بە هەموو بەها کۆمەڵایەتی- مرۆڤایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، وەک بەرخودان، فیداکاری، هەستی بەرزی بەرپرسیارەتی، نیشتمان پەروەری، رێز لە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و نەتەوەکانی تر گرتن لە کاتی ئارامی و جەنگدا، پابەندی بە داب و نەریتە رەسەنەکانی کوردەواری، و بنەماکانی ئەخلاقی و ئایینی کە هاندەری سەرکەوتنی مرۆڤ و بەختەوەری و خۆشەویستی و بەزەیی و دلۆڤانین، و هەروەها رەخنە و رەخنە لە خۆ گرتن و بروا متمانە بە خۆ و نەتەوەی خۆ بوون، ملکەچی بۆ یاسا و رێساکانی نێو نەتەوەیی و بنەماکانی دیموکراسیەت، و ماندوونەناسی، هۆشیاری کەسێتی و نەتەوەیی، تەندروستی و رەواندروستی، یەکسانی و دادپەروەری، پەروەردە و فێربوون و فێرکردن بە شێوەی بەردەوام، داوێن پاکی، دوری لە گەندەڵی و پۆخلەوات و خۆدزینەوە لە راپەراندنی ئەرک و کارەکان، و رۆحیەتی هاوکاری و خزمەتکردن، دوری لە رق و کینە و شۆڤینیەت و دژایەتیکردنی خەڵک و کەسان و نەتەوەکانی تر، و لە سەروی هەموویانەوە بروا و متمانەکردن بە بوون و هێز و توانای خوای گەورە و میهرەبان کە کلیلی سەرکەوتنی مرۆڤەکانە.

و پێشمەرگەیەک کە بەم شێوەیە و لە سەر ئەم بنەمایانە گووش کرا بێ، ئامادەیە و شایستەیە بۆ هەر جۆرە خزمەتێک و بەرگریکردنێک لە وڵات و گەل و نیشتمانەکەی لە ژێر هەر جۆرە فشار و گوشارێکی سایکۆلۆژی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رامیاری و فیزیکی دا. و ئەم ئەرکە پیرۆز و قورسە بە کەس هەڵناگیرێن مەگەر کاکی پێشمەرگە.

## پەراویزەکان:

* ابراهام ماسلو لە سالی ١٩٠٨ لە بروکلینی نیویورک لە دایکبووە. وزانستگەی ویسکانسینی تەواو کردووە. لەگەڵ سایکۆلۆژیستی بەناووبانگ کورتگولدشتاین لە بارەی کەسایەتی مرۆڤ تویژینەوەی زانستی ئەنجام داوە. یەکیکەلە لایەنگرانی بزاڤی سایکۆلۆژی بەناووبانگ کە ئەویش بزاڤیهیومانیزمە. تیۆریەکەی ماسلو کە بە ناوی پەیژەیی بوونی پیداویستیەکانی مرۆڤ بەناووبانگی دەرکردووە لە سالی ١٩٤٣ دانراوە و بە یەکیک لە گرنگترین لیکۆلینەوەکانی بابەتی پالنەرایەتی رەفتاری مرۆڤ دەژمیردریت. ماسلو لە سالی ١٩٧٠ کوچی دوایی کردووە.

** ساموئیل هانتیگتون مامۆستای زانستە رامیاریەکان لە زانستگای هارڤاردی ئەمریکی کە خاوەن بیردۆزی (لیکدانی شارستانیەتەکان) ە کە لە سالانی ١٩٩٠ بلاو بووە(٣١).

*** چارلز رۆبیرت دارڤین (١٨٠٩-١٨٨٢). سروشت ناس و بایلۆژی ناسی بە ناووبانگی ئینگلیسی. لە شاری شرۆبیری لە دایکبووە و لە زانستگەکانی ئیدینبۆرگ و کەمبریج خویندوویەتی. لە سالی ١٩٣٦ دوای چەند سال گەران و تویژینەوەی زانستی پەرتووکی یەکەمی خۆی لە سەر ژیان نوسیویەتی. خاوەنی یاسای هەلبژارتنی سروشتی یان ململانی بۆ ژیانە کە داکۆکی لە سەر ئەم خالە دەکاتن کە ژیان بۆ باشترین و بە هیزترینەکانە.(٢٩: پ. ٣٦٢)

## *سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


١ . القران الكريم.

٢ . ارام ، صباح(٢٠٠٤). الملامح السياسيه لتاريخ الكرد الحديث و المعاصر، ئاسوی به روه رده یی، ص. ١٧٥.

٣. باقر، عبدالكريم محسن و كريم محمد حمزة (١٩٨٤). علم النفسالاداري، دار التقني للنشر، بغداد، ص. ٢٧١.

٤ . بكر، جوان اسماعيل(٢٠١١). جودة الحياة و علاقتها بلانتماء و القبول الاجتماعييندراسة ميدانية لطلبة جامعة صلاح الدين، اطروحة دكتوراه غير منشورة، ص. ١٥٨.

٥ . تايلور، شبلي(٢٠٠٧). علم النفس الصحي، ترجمة: وسام درويش بريك و فوزي شاكر طعيمة، دار الحامد، عمان، ص. ٩٩٤.

٦. حسن، الحارث عبدالحميد و غسان حسين سالم(٢٠٠٦). علم النفس الامني، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ص. ٢٤٦.

٧ . الحربي، احمد بن سعيد(٢٠٠٩). العلاج النفسي الجنائي، ط١، دارالفارابي، بيروت، ص. ٥٩٠.

٨ . حمدان، محمد سعيد و محمود عواد(٢٠٠٨). الحضارات البشرية و منجزاتها، الشركة العربية المتحدة، القاهرة، ص. ٥٢٣.

٩ . الخالدي، عطاء ا... فؤاد(٢٠٠٩). الصحة النفسية و علاقتها بالتكيف و التوافق، ط١ ،دارصفاء،عمان، ص.٢٧٨.
١٠ . درة.، عبدالباري و اخرون(٢٠٠٨). اداری القوی البشرية، الشركة العربية المتحدة، القاهرة، ص. ٣٤٣.
١١ . زهران،حامد عبدالسلام (١٩٧٧). علم النفس الاجتماعی, ط ٤,عالم الكتب للنشر, القاهرة, ص. ٣٩٠.
١٢ . زيعور، علي(٢٠٠٩). التحليل النفسي و علوم النفس و الفلسفات النفسية، ط١، دار النهضة العربية، بيروت، ص. ٥٧٦.
١٣ . صالح, قاسم حسين (٢٠١١). الشخصية العراقية المظهر و الجوهرتحليلات سيكوسوسيولوجية, ط.٢, ضفاف للنشر, بغداد, ص. ٢٤١
١٤ . عريفج، سامي و خالد حسين مصلح(١٩٩٩) . في القياس و التقويم، ط٤، دار مجدلاوي، عمان، ص. ٥١ـ٦٤.
١٥ . العمرية، صلاح الدين(٢٠٠٥). الصحة النفسية و الارشاد النفسي، ط١، المجتمع العربي، عمان،ص. ١٧٩.
١٦ . العموش، احمد و حمود العمليات(٢٠٠٨). المشكلات الاجتماعية، الشركة العربية المتحدة، القاهرة، ص. ٢٧٠.
١٧ . لطفي، عبدالحميد(١٩٧٧). علم الاجتماع، دارالنهضة العربية، بيروت، ص. ٣٨١.
١٨ . العيسوى, عبدالرحمن محمد(٢٠٠٩ ( .الاسلام و العلاج النفسی الحديث, ط. ٢, دار النهضة العربية, بيروت, ص. ٢٦٢.
١٩ . الطعان, عبدالرضا.((١٩٨٠ .مفهوم الثورة دراسة نظرية, ط.١,دار الكتب و دار المعرفة, بغداد, ص. ٢٤٥.
٢٠ . محمد، مسعود(١٩٩٩). المجتمع الشري لماذا يشبه مستشفى المجانية؟،ط١، الجزء الاول، ئاراس، اربيل، ص. ٢٠٠.
٢١ . منصور, طلعت و اخرون(١٩٧٨). اسس علم النفس العام. مكتبةالانجلو المصرية, القاهرة, ص. ٤٩٩.
٢٢ . نظمي، وميض جمال و اخرون(؟). التطور السياسي المعاصر في العراق، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، بغداد، ص. ٤١١.
٢٣. http://ar.wikipedia.org/wiki/٪D٨٪D٩٪A٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٨_٪D٩٪٨٦٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٥٪D٩ امن قومی

*سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:
٢٤. بەرواری, عمر محمد عامر (١٩٩٦). گۆتار و چاوپێكەوتنەكانیهێژا مسعود بارزانی ١٩٩٠ـ١٩٩٥ , چاپخانەی خەبات, دهوك, پ. ٣٤٩.
٢٥ . كەلەش، حسين عوسمان (ابو كۆڤان)(٢٠١٠). سەر قەلەمێت من، چاپ ١، دهوك، پ. ١٩١.

٢٦ . محمود، عومەر فەرەج(٢٠١٢). مێژووی شاروچکەی باوەنور لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٩٢، گۆڤارا رووگەە، ژمارە ٢-٣، پ. ٥٥-٦٨.
/١٤-http://www.hevgirtin.net/hawar-mn/hawar ٢٧.
htm.٦/ku١ کوماری مهاباد
Chwar-Chra-Sq/١٤٠٧٨٩١٥/٢٨http://wikimapia.org.
١٩٧٥

**•سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

٢٩ . پورافکاری، (١٣٨٠)، فرهنگ معاصر جامع روانشناسی و پزشکی...، جلد ١-٢،٢، تهران، ص ٨١٤..
٣٠ . مقدم. بدری(١٣٨١). .کاربرد روانشناسی در اموزشکاه روانشناسی اموزشکاهی,گ. ٨. (سروش (انتشاراتصدا و سیما, تهران. ص.٣٠٩.
٣١http://irantarjomeh.com/index.php?service=essay&.
١٠٩٩=action=more&id هانتیکتون-فارسی

**•سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

Essentials of psychology, .(١٩٩٧) Coon, Dennis .٣٢
.th, Brooks/Cole pub.USA ٧ ,exploration and application
Essentials of .(٢٠٠٩) .Fledman, Robert S .٣٣
.٨th, USA ,understanding psychology, McGraw hill
Huntigon S.Ph. The clash of civilizations. Jurnal forign .٣٤
.٤٩-٢٢.p .٣.No.٧٢.Vol.١٩٩٣ .affairs
Lifespan .(١٩٩٥)Jolley Janina M. , Mark L. Mitchell .٣٥
development a topical approach, Brawn & Benchmark, .USA
.(٢٠٠٧)Passer, Micheal W. , Ronald E. Smith .٣٦
٤th ed., ,Psychology , thescience of mind and behavior .McGraw hill, USA
,Educational psychology .(٢٠٠٩) .Santrock , John W .٣٧
.٤th ed., McGraw hill., USA
امن http://en.wikipedia.org/wiki/National_security .٤٠
قومی -انکلیزی

**• سەرچاوەکان بە زمانی روسی:**

.(٢٠٠٧ ) Большой психологически словарь . ٤١

Сост.и обш. Ред. Б.Г.Мещеряков , В.П. Зинченко. .٦٢٧с.,СПб.:ПаримЕврознок
Экономика и социология .(٢٠٠٥).Генкин Б. М ٤٢. .٤١٦с-,е изд., -М. :НОРМА-٥-.труда: учебник для вузов
Психология, А-Я: словарь-.(٢٠٠٣) .Кордуэлл М . ٤٣ справачник / перев. С англ. К. С. Ткаченко.- М.: ФАИР- .٤٤٨с-.,ПРЕСС
Дальние переделы .(١٩٩٧) .Маслоу А.Г .٤٤ человеческой психики / перев. С англ. А.М. .٤٣٠с.,« Татлыдаевой. СРб. : изд-во группы« Евразия
Мотивация и личность / Пер. .(٢٠٠٦) .Маслоу А . ٤٥ ٤٦http://. .е изд.-СПб-٣- .с англ. Гутман Т. И др
D%B٨%D٠%٨٦%D١%B٠%٩D%D٠%ru.wikipedia.org/wiki/%D٠ %B٠%BD%D٠%٨C%D٠%BB%D١%D٠%B٠%BD%D٠%BE%D٠%٠ B٠%BF%D٠%BE%D٠%D٠%B٧%D٠%B٥%D٠%B١%٨F_%D٠%D١ امن قومي ٨C%D١%٨٢%D١%٨١%BE%D١%BD%D٠%D٠%٨١%D١%